# گوندی مەرگە:

# مێژوو و سروشت



یەکێک لە گوندە جوان و رازاوەکانی کوردستانە، لێوالێوە لە سروشت و جوانی و شۆڕشەکانی کورد قەرزاری ئەم ناوچەیەن .

مەرگە زیاتر لە ٢٠٠٠-٢٥٠٠ هەزار ساڵ پێش ئێستا شاربووەو ئەوەی مایەی سەرنجی من بوو لەو گوندەدا تەواوی خەڵکی ئاوایی مێژووی گوندەکەی خۆیان دەزانن و بست بست جێگای روداوە مێژووییەکانیان دەزانی کە ئەویش مایەی دڵخۆشییە.

لەم گوندەدا چەندین رووداوی سەرسوڕهێنەر روویانداوە لەوانەش شەڕەکانی سەرەتای هاتنی هۆردوی داگیرکاری بیابان بۆ کوردستان با هەموو چیرۆکەکان لەسەر زاری خەڵکەکەوە ببیستین.

راپۆرت: نامق هەورامی
فۆتۆ: ئەحمەد خورشید

## پردەکەی دەربەند

کاتێک لە رانیەوە بەرەو ناوچەی مەرگەو بنگرد بەرێدەکەویت دەبێت بچیتە دەربەندو بەسەر ئاودا بپەڕیەوە بۆ ئەوبەر، ئاوێک هەمووی مەترسییە بۆ خەڵکەکەو ئەوانەی نیازی هاتوچۆی ئەو ناوچەیان هەیە چونکە هیچ پردێک لەسەر ئەم ئاوە نییە و تەنها بە (قایەغ) خەڵک و ئۆتۆمبێل دەپەڕنەوە ئەمەش مایەی ترس و دڵەڕاوکێی خەڵکەکەیە. ئەگەر لەهەر کام لە دانیشتووانی ئەو گوندانەی دەکەونە ئەوبەری ئەو دەربەندەوە، بپرسیت لەمەڕ داواکارییان بێگومان یەکڕاست دەڵێن (پردێک بۆ دەربەند).

## مێژوو وەک خەڵکی دەیڵێت

کاتێک لە نێو گوندەکەدا بەمەبەستی زیاتر کۆکردنەوەی زانیاری دەگەڕام بەنێو خەڵکە خوێندەوارو دنیا دیتەکەدا، زۆربەی خەڵکی هەمان شت دەگێڕنەوە ئیدی هەریەکەو لە گۆشەنیگای خۆیەوە. سەرەتا هاوولاتی **جەعفەر عومەر سەلیم گوتی:** گوندی مەرگە مێژوویەکی دووهەزار ساڵەی هەیە، کاتێک لەشکری عەرەبەکان هاتونەتە کوردستان مەرگە شاربووە بەڵام لەم جێگایەی ئێستادا نەبووە لەوبەری گوندەکەوە بەناوی (سەری زینوێ) کە دوو کیلۆمەتر لە جێگای ئێستاوە دوورە، ئەم جێگایە ئەمارەتێک بووە کە (فەروخ یان فەرەح پاشا) سەردارو میری بووە. کاتێک لە شکرەکە لە بناری کۆسرەتەوە دێتە گوندی (سێ ناجیان) بەبێ رووبەڕوبوونەوە تا دەگەنە (گەورە قەڵا) لەوێ کوردەکان بەرەنگارییان دەبنەوە چەندین شەوو رۆژ شەڕ بەردەوام دەبێت دواتر کەرەستەو خۆراکی کوردەکان رووڵەکەمی دەدات بۆیە



**جەعفەر عومەر سەلیم**

(فەروخ یان فەرەح پاشا) بڕیاری پاشەکشە دەدات بۆ ناوچەی پشدەر تا لەوێ لەگەڵ (شەهرەمان)ی برایدا لەشکرەکانیان بکەن یەک و بەر لەو هێرشەبگرن بەهۆی خیانەتی یەکێک لە کوردەکانەوە فەروخ لەوێ شەهید دەکرێت ئیدی لەشکری بێگانە دەکەونە تاڵانی ناوچەکە.



**مەلا موحەرەم مەلا سەمەد**

**هەر لەم بارەیەوە مەلا موحەرەم مەلا سەمەد گوتی:**- لەسەردەمی هاتنی سوپای ئیسلام بۆ ئەم ناوچەیە ئێرە میرەدێ بووە، ئەم گوندە لەسەری زینوێ بووەو فەروخ یان فەرەح خان پیاوێکی جەسووری ئەم گوندە بووە رووبەرووی داگیرکاران بوەتەوە زیانی پێگەیاندون و دواتر بەنیازی چونە گوندی (دوگۆمان)کە لە مێژودا ناوی (دوقمان)ە لەوێ (مالیکی ئەژدەر) کە مامی بووە لە رێگادا لەلایەن (بەیرودی کوڕی بەهرام) کە ناسراوە بە (پیرۆتە سور) خەبەری لێدراوە و پاش شەڕێکی دەستەو یەخە فەروخ یان فەرەح بەدەستی (میقدادی کوڕی ئەسوەدی کەندی) شەهیدکراوە.

لە بارەی ئەو سەرچاوانەوە کە لەسەر ئەم مێژووانە هەیە مەلا موحەرەم گوتی:- جاران کتێبێک لای باوکم هەبووە بە ناوی (فتوحات العراق) ئەم کتێبە کاتی خۆی ئینگلیزەکان و شێخ مەحمود چەندین کەسایەتی داوایان کرد بەڵام ئەو سوربوو لەسەر پاراستنی هەروەها ئەو کتێبە لەلای برایەکی بابەکر ئاغای سەلیم ئاغا هەیە کە ناوی (حاجی عەباس ئاغا)یە لە شارباژێر. ئێستاش من نوسخەیەکی کوردی کراوی ئەو کتێبەم لایە. هەرچەندە ئەسڵییەکە لە ژێر خۆڵدا رزا بەڵام وەک مێژوو خەڵکی گوندەکە هەمووی مێژووی خۆیان دەزانن.

هەر لەو بارەیەوە **بەڕێز کاک محەممەد گوتی:** جاران ژمارەیەکی زۆر



**گۆڕستانی کێلەقوچان**

جولەکە لەم گوندەدا هەبوون و (ملەقران) گۆڕستانی ئەوان بوو، ئێستاش لەم گوندە (گەڕەکی جولەکان) بەهەمان ناو ماوەتەوە.

## شوێنەوارەکانی مەرگە


دەستنووسێک کە تەمەنی زیاتر لە ٢٥٠ ساڵە

لە دەوروبەری ئەم گوندەدا چەندین پاشماوەی مێژوویی هەن کە دەکرا بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار گرنگی زیاتری پێبدات لەوانەش.

١- (ئەشکەوتی مەسەنە) لە (ئاوژە) کە لە سەر چیاکە گۆمی ئاوو حەوزی تێدایە لەگەڵ پاشماوەی قەڵایەک.

٢- (سەری زینوێ) گۆڕستانێکی کۆن هەیە کە پاشماوەی شەڕەکانی ئەو سەردەمانەی تێدایە.

٣- لە نێوان مەرگە و بنگردا گۆڕستانێک هەیە کە هیچ ئاسەوارێکی ئیسلامی تێدا نییە و لە نێو گۆڕەکاندا گۆزەو کوپەڵە دۆزراوەتەوە.

٤- گۆڕی (عومەر کوڕی عەدی) کە یەکێکە لە سەحابەکان لەوێ کوژراوە.

٥- گۆڕی (عەبدوڵڵای ئەبو ئەیوب ئەنساری) لە ناوچەی سەرچیا.

٦- گۆڕستانی (کێلە قوچان) کە چەندین کێلی درێژ لە نێو ئەر گۆڕستانانەدا هەن کە مێژوویان زیاتر بۆ هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە.

٧- گۆڕستانی مەلا مستەفا کە چەندین کێلی قەبری تێدا بووە کە ماوەیەک بەر لە ئێستا شکێنراون، ئەو کێلانە بە وێنەی خۆرو مانگ نەخشێنراون.

## کانی توو

یەکێک لە هاوینە هەوارە جوانەکانی ئەم ناوچەیە ناسراوە بە (کانی توو) ئەم جێگایە کە هاوینان فەروح پاشا) تێیدا نیشتەجێ بووە، چەندین کانیاوی سازگارو ڕەزوباخی هەمە چەشنی تێدایە. یەکێک لە باخەوانەکانی فەروح ناوی (کوڕەکوور یان کوڕە کەر) بووە کاتێک لە شکری بێگانە دەگاتە (کانی توو) بە باخەوانەکە دەڵێن (ئەگەر کەسێک فەروح پاشا بکوژێت چی دەکەیت؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: گەر بۆم کرا بەو دەستانەی خۆم تۆڵەی دەسێنم..


کانی توو



لەوێ ئەویش دەکوژن و ئێستا ئەو چیایە ناونراوە (کوڕکوڕ)

## گەورە قەڵا

یەکێک لە پاشماوە هەرە جوانەکانی ئەم ناوچەیە گەورە قەڵایە کە کاتی خۆی فەرمانڕەوایی ناوچەکەی تێدا کراوە ئەوەی مایەی سەرنجە ئەم قەڵایە لەسەر لوتکەیەکی بەرز دروست کراوە بە درێژایی ٥٠٠ مەتر و بەبەردی زۆر گەورە کە لە جێگای ترەوە هێنراون و گواستنەوەیان لەسەرووی توانای مرۆڤەوەیە بەرادەیەک هیچی لەبەردی (ئەهرام)ەکانی میسر کەمترنییە.. لەکاتێکدا لەو چیایەو لەو نزیکانەشدا بەردی لەو جۆرە نییە!! ئەمە وێڕای ئەندازەی دانان و داتاشینیان.

## دواسەرنج

ئەمەو وێڕای ئەوەی ئەو دەڤەرە جێگایەکی مێژوویییە، ناوەندێکی ڕۆشنبیریش بووە (عەلی بەردەشانی) شاعیر و (مەمەند ئاغای فانی) نەوەی ئەو ناوچەیەن و هەریەکەیان سەنگ و قورسایی خۆیان لە ئەدەبی کوردیدا هەیە.


عائیشە عومەر

دوا سەرنجەکانی خۆم وەک ڕۆژنامەنوسێک ئەو ڕاستییەم لا دروست بوو کە ئەم ناوچەیە پێویستی بە ئاوڕدانەوەی زیاتر هەیە، هەرچی لەو گوندەدا ئێمەی دەدی داوای دەکرد خەمخۆران بیر لە دروست کردنی پردەکەی دەربەند بکرێت لەگەڵ دروست کردنی جادەو ڕێگاکانی ئەو دەڤەرە. **لەو کاتەدا عائیشە عومەر هاتە پێشەوەو گوتی:** برام ئەم گوندە نەخۆشخانەی تێدایە بەڵام تا ئێستا دکتۆری بەخۆوە نەدیوە، هەندێک جار برین پێچێک دەنێرن و ئیتر ئەویش دیار نامێنێ، ئەگەر مار بە کەسێکەوە بدات تا دەگاتە ئاوەدانی دەمرێت، ئەبێت بیر لەمە نەکەنەوە.■